## دەیەم: تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم(قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا گرنگی و پرسی ناسنامە لە هاوکێشە ئاسایشییەکاندا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بەم مانایە کە ناسنامەکان لە ناسنامەی دەوڵەت بۆ ناسنامەی ئایینی و ئەتنیکی گۆڕاوە. بەم پێیە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی گوتارو جیاوازییەکان خوێندنەوەی بۆدەکرێت کە لەسەربنەمای ناسنامەکانە.(Blanchard, 2012; pp.8-9).

ئەم قوتابخانەیە(Third World Security School) وەکو ڕەخنەیەك لە قۆتابخانە و تیۆرییە ئاسایشییە ڕۆژئاواییەکان دروستبووە . لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە "کارۆلین تۆماس"(Caroline Thomas) و "محمد ئەیوب"(Mohammed Ayoob) بکەین. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییە رۆژهەڵات لەدایکبووی وێنا و تێگەیشتنی ڕۆژئاوایە لە ئەویتری ناسنامەییەکەی. ئەم ڕوانگەیە بەکەڵك وەرگرتن لە هزرەکانی "گرامشی" زۆربەی چەمکەکانی پێناسەکراوی ڕۆژئاوایی وەکو ئاسایشی نەتەوەیی، ڕەتدەکاتەوە وپێیوایە کە پێویستە جیهانی سێیەم خوێندنەوە وپێناسەی خۆی بۆ ئەوچەمك و پێناسە و پرسانە هەبێت. چونکە بە بڕوای ئەم ڕوانگەیە چەمك و بنەما فەلسەفی و هزرییە رۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ بنەما ئابووری، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوایی جیاوازی هەیە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاسایش و خوێندنەوە ئاسایشییەکان لەسەربنەمای ڕۆژئاوایی و زیاتر ڕیالیستین و ئەوروپا یاخود ڕۆژئاوا-گەرایانەیە. بۆیە کەمترگرنگی بە لاوازەکان و پەراوێزخراوەکان دەدەن. ئەم ڕوانگەیە لە بواری ئاسایشیدا ڕەخنە لە ئەوروپا تەوەریی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە خوێندنەوە ئاسایشییەکاندا دەگرێت و پێیان وایە کە ئاسایشی ئیمرۆکە دژبەیەکی تێدایە لە نێوان لۆژیکی ئاسایشی کۆن و پرسە ئاسایشییە نوێیەکان. هەروەها بە شێوەیەکی نەریتی بوارو خوێندنەوەی ئاسایشی لەگەڵ پەیوەندییەکانی زلهێزەکان هاوتەریب و هەماهەنگە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.(Barkawi&Laffey, 2006: 329).

لەلایەکی دیکەوە، دەبینین لە ڕوانگەی تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم یاخود قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم ئاسایش بە شێوەی "پەیوەندی" درك دەکرێت، ئەمەش ڕوانگەیەکی دژە ئەوروپیە لەبارەی ئاسایش، واتا هەموو قوتابخانە و تیۆرییەکانی پێشتر کە باسمان کرد لە چوارچێوەی ئەوروپی و ڕۆژئاواییەوە ئاسایشی نەتەوەیی دەخوێنن، بەڵام ئەم قۆتابخانەیە جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی کە ئاسایش تەنیا لە ڕوانگەی هێزە گەورەکان و پەیوەندی زلهێز و لاوازەکان و باکوور و باشوور پێناسە ناکرێت، چونکە هەموو ئەوانە لە تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەییدا، بەشدارن. ئەم ڕوانگەیە لە ئاسایش سەرچاوەی ئاسایش بە ئەوخەڵکانە دەزانێت کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پەراوێزخراون وبەهۆی سیاسەتە لیبرالییەکان لە بکەرایەتی ئاسایش وەلاوەنراون .(ابراهیمی، 2014: 25).

بۆ نموونە خاتوو لی نور جی. مارتین(Lenor G. Martin) لەبارەی دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڵێت: "ئاسایشی نەتەوەیی لەم ناوچەیە بریتییە لە تواناکانی دەوڵەت لە ڕێگەگرتن لە هەڕەشە

لەهەمبەر سێ فاکتەری یەکپارچەیی هەرێم، کۆمەڵگە و ڕژێمی سیاسی". بۆیە پێیوایە کە بەرزترین هۆکاری نائاسایشی دەوڵەت لەم ناوچەیە ئەوەیە کە خاکەکەی داگیر بکرێت و حکومەتەکەی برۆخێت یاخود کۆمەڵگەکەی بەهۆی ناسەقامگیری و پشێوی نەتەوەیی و مەزهەبی و جیاییخوازی و...هتد، تووشی مەترسی بێت.(مارتین، 2004: 38-41).

پۆست کۆڵۆنیالیزم تیۆرییەکە کە بە میراتگری کەلتووری کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دادەندرێت. سەرنجی ئەم تیۆرییە زیاتر لەسەر دەرئەنجامە خراپەکانی کردارەکانی مرۆڤە لەسەر ئەو خاك و خەڵکەی کە داگیرکراون یانیش چەوسێندراونەتەوە. لە بنچینەدا پۆست کۆڵۆنیالیزم تاکە تیۆرێکی یەکگرتوو نییە، بەڵکو زیاتر ڕۆڵێکی لێپرسینەوەی ڕەخنەگرانەی هەیە. (Slater 1998, via Manzo, 2014: 330).

چەمکی سەرەکی پۆست کۆڵۆنیالیزم گرنگی بە کۆمەڵێك پرسی وەك پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا "The west" و نا-ڕۆژئاواییەکان "Non-west" و وڵاتانی دیکەش دەدات. نمونەی سەرەکیش وەك لە پەرتووکەکەی ئێدوارد سەعید"1935-2003" ڕۆژهەڵاتناس ((Orientalism، و کارەکانی بیرمەندی جەزائیری "فرانز فانۆن" "1925-1961" (Frantz Fanon)، هەروەها ڕەخنەکانی لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش لەلایەن "باراکوی و لافێ" (Barakwi and Laffey) لە ساڵی 2006. لە ڕێگەی کارو نووسینی ئەم نووسەرانە دەکرێت گفتوگۆ لەسەر پرسەکانی ئاسایشی سەردەم بکرێت یان ڕوونبکرێتەوە کە ئێمە لە ئێستا دا ڕووبەڕووی بووینەتەوە، یەکێك لەو پرسانەش بۆ نموونە "تیرۆر". تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم، گفتوگۆ لەبارەی ئەزموونی چەندین شتی جیاواز دەکات وەك: پرسی کۆچبەری، کۆیلایەتی، سەرکووتکاری، بەرگریکاری، جیاکاری، ڕەگەز، پێگەی کەسێك لە نێوان خەڵکانی دیکەدا. ( Power, 123 :2003). بیرمەندەکانی پۆست کۆڵۆنیال بۆ نمونە "کەیت مانزۆ" (Kate Manzo, 2014) بڕوایانوایە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کۆڵۆنیالیزمی تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا پاشماوەی کۆڵۆنیالیزم بوونی هەیە، ئەمەش وەك نیۆ-کۆڵۆنیالزم دەناسرێت. پۆست کۆڵۆنیالیزم ئەو بۆشاییانەی لە توێژینەوەکانی هێزی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پڕدەکاتەوە کە بەهۆی ڕەتکردنەوەی کۆڵۆنیالیزم درووست ببوون. لە بنچینەدا دەستەواژەی پۆست کۆڵۆنیالیزم بە مانای کۆتایی داگیرکاری ئەوروپا نایەت (European Decolonization)، بەڵکوو زیاتر دەستەواژەیەکە بۆ ئەو وڵاتانە بەکاردێت کە پێشتر بەفەرمی داگیرکراون و دواتر بەشێك لە ئۆتۆنۆمیان بۆ گەڕاوەتەوە. زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر ئاسایش سەر بە قوتابخانەکانی ئەوروپا و باکووری ئەمریکان، بۆیەش گفتوگۆی دیاری توێژینەوەکانی ئاسایش زیاتر ڕوانینێکی ناوەندگەرایانەیان پێوە دیارە، هەروەها نیۆ-کۆڵۆنیالیزم درێژکراوەی دەسەڵاتی ئیمراتۆرییەتییەکانە بەبێ پێناسەیەکی ڕوون بۆ کۆنترۆڵکردنی داگیرکاری و ئیمپراتۆرییەت. بەڵام گونجاوترین ڕێگا بۆ پێناسەکردنی ئەمە لە ڕێگەی چەمکی بەناوبانگی: (Carrot and Stick approach)، واتا ڕێبازی پاداشت و سزا (گێزەر و گۆچان) دەکرێت، کە تێیدا دەوڵەتە بەهێزەکان هەوڵدەدەن هێزەکانیان بەسەر دەوڵەتە لاوازەکان بسەپێنن، ئەمەش لە ڕێگەی دەستپێشخەری پێدانی پاداشت

(گێژەر)، یانیش لە ڕێگەی هەڕەشەلێکردنیان لە ڕێگەی سزا (گۆچان)، ئەمەش لە سوودی دەوڵەتە بەهێزەکاندایە(Lundestad, 1986: 274).
هەژموونی ئابووری یەکێکە لە نیشانە سەرەکییەکانی نیۆ-کۆڵۆنیالیزم، کاتێك وڵاتێکی پۆست کۆڵۆنیالیست هێشتا لە دۆخێکدا دەمێنێتەوە کە پشت بە وڵاتی داگیرکەری پێش خۆی دەبەستێت، ئەمەش وادەکات وڵاتە داگیرکارەکەی پێشوو، هێشتا بە ڕێگەیەکی داگیرکەرانە ڕەفتار بکات و بەرامبەر بەو وڵاتەی پێشتر داگیری کردبوو (Young, 2001: 4). بەڵام لەم دواییەدا دەرکەوت هەژموونی ئابووری بەس نییە بۆ ئەوەی ناهاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتی داگیرکار و وڵاتێکی پۆست-کۆڵۆنیال دروست ببێت، بەبۆچوونی بەشێك لە مارکسییەکان ئۆتۆنۆمی وڵاتانی پۆست-کۆڵۆنیال دۆخێکە بەهۆی خراپ کەڵکوەرگرتنی سەرمایەداری و کۆنترۆڵی بازاڕی دەرەکییەکانەوەیە لەلایەن دەوڵەتە بەهێزەکانەوە. (Nkrumah, 1965: 1). بۆیەش دەوڵەتە نوێکان هەرچەند خاوەنی سەرچاوەی دەوڵەمەند بن، ناتوانن وزەی خۆیان بەتەواوەتی پەرەپێبدەن. نیۆکۆڵۆنیالیزم ڕەنگە بەرهەمی دۆخێك بێت کە تەنها پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبێت. وەك نمونە کاریگەری ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی پۆست کۆڵۆنیال، بە تایبەتی لە ڕێگەی میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە دەکرێت وەك ڕەفتارێکی نیۆ-کۆلۆنیالیزم دابندرێت. ئەمەش وادەکات خەڵکی دەوڵەتانی پۆست کۆڵۆنیال وابەستەی ئەو بیروبۆچوونانە بن کە لە میدیاکانی ئەمریکا و ئەوروپا لەبارەی کەلتوری مۆدێرن و شارستانییەت دەگوترێت، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات وادەکات خەڵکی وڵاتانی پۆست-کۆڵۆنیال هەست بکەن کەلتورەکەیان دواکەوتووە یاخود بەسەر چووە، نموونەی ئەم کاردانەوەش دەتواندرێت لە هیندستان ببیندرێت. :See: Chowdhary & Dickey 1988 .((pp. 183-194
ئەو بابەتەی کە ڕۆژئاوا کاریگەری بەسەر وڵاتانی نا ڕۆژئاوایی هەیە، تاوەکو ئێستا پرسێکی ئاسایشی سەردەمییە، هاوکات بەکارهێنانی هێز لەلایەن ڕۆژئاوا بەتایبەتیش ئەمریکا دەستەواژەیەکی میراتییە لە ئامانجی شارستانییەت یان بابەتێك کە هاوشێوەی ئازادکردنی خۆجێییەکان بێت ( liberation of the natives) یاخود بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ئاشتی. بۆ نمونە داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق و پشتیوانیکردن لە گرووپە چەکدارەکانی لیبیا لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەری ساڵی 2001، بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەکانیان لەسەر دەوڵەت بوو بە پاساوێکی سەرەکی داگیرکاری لە ڕوانگەی پۆست کۆڵۆنیالیستەکان (See: Salter 2002 via Barkawi & Laffey 2006: pp. 329-352). کە ئێستا ئەم دیاردەیە دەتواندرێت لە کەش و هەوای سیاسەتی ئاسایشی هاوچەرخ ببیندرێت و ئەجێندای ڕۆژئاواییەکانە وەك نمونە ئەمریکا و شەڕی دژ بە تیرۆر.
گۆشەنیگای پۆست کۆڵۆنیالیزم لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش لە گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیری پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات. تیۆرییەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ئاسایش زیاتر بەدەست ناوەندییەتی ڕۆژئاواوە (West- centrism) ڕووبەڕووی سەختی بوونەتەوە، بەڵام گۆشەنیگای پۆست کۆڵۆنیالیزم زیاتر خۆی لەگەڵ ناوەندییەتی جیهانی سێیەمەوە (Third World centred) گونجاندووە.

لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمەش وایکردووە سوودێکی گرنگ بە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش بگەیێنێت. بەر لەوەی شیکردنەوەیەك بۆ ئاڵۆزی ئاسایش و نائاسایش بکەین، پێویستە بەشێوەیەکی تیۆری جیاوازی لە نێوان هەلومەرجی پۆست کۆڵۆنیال و بیرۆکەی پۆست کۆڵۆنی بکەین. مەبەست لە هەلومەرجی پۆست کۆڵۆنیال دیاردەی جیهانی کارلێکردنە لەسەر بنچینەی پەیوەندییەکی هێزی نایەکسان لە چاخێکدا کە جیهانی داگیرکاری تێدەپەڕێنێت. بەڵام ئەمەش بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ یەکتری پێکهاتووە. بەم پێیەش بیرۆکەی پۆست-کۆڵۆنیال شیکردنەوەیەکی جیهانی هەیە و جەخت لەسەر میراتی دەسەڵاتدارییەتی داگیرکاری دەکاتەوە، کە جیهانی ئێستا لەسەر ئەم شێوەیە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش واتای ئەوەیە داگیرکارە ڕاستەقینەکان بە ڕێژەیی هەر ماون. (See: Gupta, 1998: pp. 10-15). واتا هەرچەندە داگیرکارەکان (کۆلۆنیالەکان) دیارنەماون، بەڵام لۆژیکی زاڵبوونیان ئێستاش دەتواندرێت هەستی پێبکرێت.

پۆست-کۆڵۆنیالیزم لە توێژینەوە گرنگەکانی ئاسایش باس لە بەشێکی لە بیرکراوی ئاسایش دەکات کە ئەویش جیهانی سێیەمە. تەوژمی سەرەکی تیۆرییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی زیاتر لە جیهانی ڕۆژئاواوە سەیری پرسەکانی ئاسایش دەکات و ئەمەش وایکردووە کێشەکانی ئاسایش وەك نیشانەیەکی گەردوونی وابێت. هەرچەندە جیهانی سێیەم جیاوازی بنچینەیی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا لەبارەی ئاسایش هەیە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە زۆر جار نەتواندرێت وەك پێویست ئاسایش لە جیهانی سێیەمدا ڕوونبکرێتەوە. بەپێی توێژینەوەکانی "پینار بیلگین" (Pinar Bilgin, 2010)، کێشەی گرنگی تیۆرییەکانی دیکەی ئاسایش لەگەڵ گۆشەنیگای پۆست-کۆلۆنیال خۆی دەنوێنێت لەوەی کە: ئەوان لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش جیهانی سێیەم زیاتر لەوەی وەك بابەتێکی ئاسایشی ببینن، وەك بەربەستێك دەیبینن. لە جیهانی ڕۆژئاوادا، جیهانی سێیەم وەك شوێنێك سەیردەکرێت کە هەڕەشەیەکی گەورە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خودی کێشەکانی جیهانی سێیەم فەرامۆشکراون. گەورەترین جیاوازی ئاسایشی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕۆژئاواش ئەوەیە کە دەوڵەتەکان وەك دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ڕەوایەتیان نییە، هاوکات کێشەی ئاسایشی ناوخۆییان زیاتر درێژکراوەی کێشەکانی ئاسایشی دەرەکییە. (Columbia Peoples and Vaughan Williams, 2010: 47-60).

ڕەوایەتیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەدرێژایی چەندین سەدەوە بەدەستهاتووە، شەڕەکانیان کۆتاییان پێهاتووە، ناسنامە جێگەی خۆیگرتووە و لە کۆتاییدا سیستەمەکەیان خاوەن ڕەوایەتییە و بەسەقامگیری دامەزراون. بەڵام زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم نوێن، لاوازن، هەژارن و تەنانەت زۆرجاریش سنوورە نێودەوڵەتییەکانیان دەستکردن و کێشەیان لەسەرە، بۆ نموونە لە کیشوەری ئەفریقا، دەوڵەتەکان لە چەندین خێڵ و زمان و کەلتوور پێکهاتوون و سنوورەکانیشیان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دەستنیشانکراون. هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی داگیرکار و داگیرکراو وەك جاران نییە، بەڵام هێشتا جۆرێك بە ژێردەستەیی ماونەتەوە. (See: Hönke and Müller, 2012). بۆ نموونە، فەرەنسا دەتوانێت دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی"مالی" کە پێشتر داگیریکردبوو بکات و پارێزگاریش لەو

سنووره دەستکردە بکات کە پێشتر دایمەزراندووە. هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی ئاسایش پرسی هەرە گرنگی ئاسایشن لە جیهانی سێیەم، مەترسی شەڕ و کوشتار و هەتا هێرشکردن لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی پێشوو لە ئارادایە. (Columbia Peoples & Vaughan- Williams, 2010: pp. 47-60).

لەبەرئەم هۆکارانەی سەرەوە، بەپێی بۆچوونی پۆست-کۆلۆنیالیستەکان، ناتواندرێت تیۆریی ئاسایشی ئەوروپا و ڕۆژئاواییەکان بەسەر جیهانی سێیەمدا بسەپێندرێت و بەهەمان پێوەرو تیۆری ناتواندرێت لە جیهانی سێیەمدا بەکاربهێندرێت. لەبەر ئەوەی زۆربەی تیۆرییەکانی ئاسایش پەیوەستن بە ڕۆژئاواوە و هەموو ئەو دەقانەی لەبارەی ئاسایشەوە نووسراون لە ڕۆژئاواوە نووسراون. هاوکات لێکۆڵینەوە یان نووسینەکانی تایبەت بە ئاسایشی جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی بەرچاو کەمن، بۆیەش زیاتر ئەو چەمك و توێژینەوانەی تایبەت بە ئاسایش هەن، زیاتر پەیوەستن بە کێشەکانی ئاسایش لە ڕۆژئاواوە نەك بە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین گۆشەنیگای پۆست کۆلۆنیالیزم لەبارەی ئاسایش خزمەتێکی گەورەی کرد بە توێژینەوە و بابەتەکانی تایبەت بە ئاسایش، چوونکە توێژینەوەکانی پۆست کۆلۆنیال لە دیوێکی دیکە سەیری پرسی ئاسایشی کرد و خوێندنەوەی بۆ ڕووەکەی دیکەی دراوەکە کرد.